# تا سەر ئێسقان ژن

قوباد جەلی زادە

وەك ئێوە منیش

پیاوێکی رەش و سپی بووم

سپی وەك رەژوو

رەش وەك بەفر

ژنێك کە هەر دە پەنجەکانی رەنگ بوون

هات رەنگی کردم

پرچم قاوەیی و

چاوم کاڵ و

پێستم گەنمی و

چاویلکەکەم فۆتۆگرێ و

ملپێچەکەم فستقی و

پاڵتۆکەم حەڵوایی.

ژنێك کە زەردەخەنەی دارستانێك رەنگ بوو

لێوی رەنگ کردم بە ماچ

ردێنی رەنگ کردم بە عەتر

سمێڵی رەنگ کردم بە گوێزان

منیش وەك ئێوە

پیاوێکی رەش و سپی بووم...

ژنێك کە سەرتاپای رۆحی رەنگ بوو

قەڵەمەکەی رەنگ کردم بە داهێنان

وشەکانی رەنگ کردم بە جورئەت

قەسیدەکانی رەنگ کردم بە راستگۆیی

قەسیدەیەکی ناو نام:

"تا سەر ئێسقان ژن"

وەك ئێوە منیش

سپیترین خەڵووز و رەشترین بەفر بووم

ژنێك کە پەنجەکانی دە رووباری رەنگ بوون

پەنجەکانی شەڵاڵی رەنگ کردم

ئێستە من تۆفانێك رەنگم

پیاوە رەش و سپێکان رەنگ دەکەم

ژنە رەش و سپێکان رەنگ دەکەم

نیشتمان رەنگ دەکەم

مێژوو رەنگ دەکەم

رەنگ رەنگ دەکەم!!